# بەرنامەی ئوتێل گێری و چێشتخانەکان

ئایا حەزدەکەیت کاربکەی لە بواری خزمەت گوزاری؟
ئایا حەز دەکەیت بەدەست پێکردن لە کۆمپانیایی تایبەت بەخۆت لە ئاییندە؟
ئایا حەزدەکەیت کارێک بە دەست بێنی یەکسەر لە دوای تەواوکردنی دواناوەندی؟
ئایا حەزدەکەیت کار یان خوێندنت دەست کەویت لەدەرەوەی وولات؟
ئایا حەزدەکەیت لەگەڵ کەسانی تر کاربکەی، وەک پسپورێک لە بوارەکەت؟
کەواتە لەوانەیە بەرنامەی ئوتێل گێری و چێشت خانە گونجاویێت بۆت.

لە بەرنامەی ئوتێل گێری و چێشتخانەکان فێرکردن لە خزمەت گوزاری بە دەستت دەکەوێت، بەرپرسایەتی و بەرێوەبردن و ئابوری کە پێویستت پێ دەبێ بو ئەوەی کومپانیایەکی تایبەت بە خۆت دەست پی بکەیت یان لە بواری ئەو خزمەتەی کە جێگای گرنگی پێدانتە کاربکەی. لە بواری ئەم کارە بیر لە ژمارەیەک لە بابەتەکانی بەردەست دەکەی، بو نموونە ژینگە و پێشکەوتنی بەردەوام. لێرەدا فێری هاوکاری لەگەڵ خەلکانی تر دەبی.

کەرتی ئۆتیل گێری و چێشتەخانەکان کەرتێکی جیهانی یە. لە بواری شارەزایی زمان و لە یەکتر تێگەیشتن و گرنگیدان بە کەلتوورەکانی تر، هەلی چاکت بو دەرەخسێت بو کارکردن یان خوێندن لە دەرەوە لە دوای تەواوبوونی خوێندن لە بەرنامەی ئۆتێل گێری و چێشتخانەکان.

## کارکردن یان بەردەوام بوون لە خوێندن

ئەگەر هاتو بەرنامەی ئۆتێل گێری و چێشتخانەکانت هەلبژارد دەتوانی لە دوای کارێک بگەرێی یەکسەر لە دوای خویندنی دواناوەندی. جۆرَی ئەو کارەی کە دەتوانی لە دوای بگەرێ لە سەر ئەو بوارە تایبەتی یە دەوەستێت کە هەلتبژاردووە . هەروەها دەتوانی بەردەوامی دان بە خوێندن لە پەیمانگای پیشەیی بالا و لە زانکو یان پەیمانگای خوێندنی بالا هەلبژێری. ئەگەر لە پەیمانگای خوێندنی بالا خوێندت دەتوانی بو نموونە ببی بە پسپۆری ریجیم. پرسیار لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی لەسەر خولەکانی خوێندنی دواناوەندی بکە کە پێویستە لە سەر تو هەلبژێری بو ئەوەی لەو خوێندنەی کە دەتەوێت هەلبژێری وەربگرن.

## ئەو کارانەی کە دەتوانی بەدەستی بێنی

لە کۆتایی بوون لە خوێندن لە بەرنامەی ئۆتێل گیری و چێشتخانەکان بۆ نموونە دەتوانی کارێک بگەرێی وەک چێشت لێنەر، سەرپەرشتیاری خواردنەکانی سارد، بۆیە، کارمەندی پێشوازی یان مێوانکاری کۆنگرەکان.

## ناوەرۆکی بەرنامە

بەرنامەی ئۆتێل گیری و چێشتخانەکان پێکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندێک لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە بۆ هەموو قوتابیان لە قوتابخانەکانی دواناوەندی. لەکاتێکدا خولی تر هەیە کە تایبتمەندە بە بەرنامەی ئۆتێل گیری و چێشتخانەکان. و هەندێک خولیش بەخۆت هەلیدەبژێریت.

بەرنامەکە دوو بواری تایبەتی نیشتمانی هەیە. بە واتا ئەوانە هەمووی کە بەرنامەی ئۆتێل گیری و چێشتخانەکان لە هەموو وولات دەخوێنن دەتوانن لە ناویاندا هەلبژێرن. لە هندێک ناوچە لەوانەیە چەندین بواری تایبەت هەبێت کە بگونجێت لەگەڵ تۆ بەتەواوی. پرسیار لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی بکە!

بواره تایبەت یەکان نیشتمانی ئەمانن:

- ئۆتێلەکان – بۆ تۆیە کە دەتەوێت ئیش لە ئۆتێلەکان بکەی، کەرتی خزمەت گوزاری کۆنگرەکان، پێشکە شکردنی خواردن یان خواردەمەنی رابواردن
- چێشتخانەکان و خزمەت گوزاری جەمەکان – بۆ تۆیە کە دەتەوێت کاربکەی لەگەڵ چێشت لینان یان خزمەتی پێشکەشکردنی خواردن.

**پەیوەندی لەگەڵ ژیانی پراکتیکی**

لە بواری بەرنامەی ئوتێل گێری و چێشتخانەکان و بەرێوەبردن دەتوانی پەیوەندی لەگەڵ ژیانی پراکتیکی لە کاتی خوێندن لە قۆناغی دواناوەندی. بەلایەنی کەمەوە 15 هەفتە لە مەشق پێکردن دەست ئەکەوێت لە شوێنی کارکردن (APU). قوتابخانە هەلدەسێت بە هاوکاری کومپانیەکانی هەمە جور و شوێنەکانی کار بە ئامادەکردنی شوێنی راهێنانی کار بۆت لەو ناوچەی کە تێدا دەژیت. ئەمەش ئامرازێکیی باشە یارمەتیت دەدات بتوانی پەیوەندی ببەستی کە ئەتوانی بەکاری بهێنی کاتی پێشکەش کردن بۆ کارمەندایتی لەپاشان. ئەگەر ئەتەوێت هەلسی بە مەشق کردن لەشوێنیکی کارکردن لە وولاتیکی تر جگە لە سوید دەکرێت ئەوە رێک بخرێت.

**ئایندە و هەلی کار**

چەندین هەلی چاک بۆ تۆ هەیە بو ئەوەی کارێک بەدەست بێنی یەکسەر دوای قۆناغی دواناوەندی لە کاتی کوتایی هاتن لە بەرنامەی ئوتێل گێری و چێشتخانەکان، ئەمەش لە سەر بواری تایبەتی خۆت و خولەکانی خوێندن کە هەلتبژاردووە دەوەستێت. هەلەکەت گەورەتر دەبیت ئەگەر هاتو شارەزایی پراکتیکی زورت بەدەست هێنا. گەورەترین هەلە بو بەدەست هێنانی کارێکی پەیدا دەبێت لە شارەکانی گەورەو و هاوینە هەوارەکانی گوزاری. ژمارەی ئەو کارانەی بەتال لە سەر وەرزی سال دەوەستێت، لە هاویندا، و پشودانی گەورە و پشودانی قوتابخانەکان ئەم جورە کارانە بەدەست دەکەوێت.